# بۆ ئاگاداری کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتییەکانی کوردەواری

رادەگەیەنین کە رۆژی شەممە ڕێکەوتی 2005/03/12 کۆبوونەوەیەک بە بەشداری بەشێک لە رووناکبیرانی کورد لە شاری" ئۆریبرۆ"ی سوئید پێکهات تا بیرۆکەی سازدانی پێکهاتەیەکی هەمەپرسی ـ رفراندم ـ لە رۆژهەلاتی کوردستان، بێنێتە ژێر باسولێکۆڵینەوە.

بەرهەمی کۆبوونەوە و لێدوان لە بابەتی سەرەوە لە رۆژی ناو براو دا بوو بەوەی کە دەستەیەکی ئامادەکار لە پێنج کەس( ئەمیرقازی، ئەحمەد لبادی، سەلیم بابانزادە، بوار بەکر و جەعفەر تیکانتەپە ) پێک بێ و پێیان ئەسپێردرا ئەو بانگەوازە رابگەیەنن و هەروەها بکۆشن بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانتر بۆ لێدوانی زیاتر و ساخ بوونەوەیەکی هەمە لایەنە لەو بارەوە.

ئاکامی کاری داهاتوو و شوێن و رۆژی دیاری کراو، لە رێگای بانگەوازێکی دیکەی دەستەی ئامادە کار، دواتر رادەگەیەندرێ.

دەستەی ئامادەکاری کۆبوونەوە
2005/03/12

تکایە بۆ پرسیار کردن و پێشنیاردان بەو ئادرەسە پەیوەندی بگرە
referandom@hotmail.com